# ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: ڕاپۆرتی وەڵامدانەوەی موسڵ #٧

## ٤ - ١٠ تـــشــرینی دووەمی ٢٠١٦

+٦٠٠ چادر (سەرجەمی ١،٢٠٠ تا ئێستا) گەیەندراوە بۆ نیشتگەی فرۆکەی گەیارە.

بۆ وەڵامدانەوەی گەیشتنی ٤٠٠ ئاوارە بۆ کامپی جەدەع کە خۆی ئاوارەیەکی زۆری لێیە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەڵامی داوە بە دابینکردنی ٢٠٠ پێداویستی ڕێکخستنی پەناگە ، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی ستافی تەکنیکی له ڕێکخستنی چادری نوێ لە کامپەکە لە ١٠ی تشرینی دووەم.

**٩ی تشرینی دووەم:**
تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕاهێنانی «پارێزگاری و بەڕێوبردنی سەرەتایی کامپی» بۆ ئەو ڕێکخراوە ناوخۆییانە ئەنجامداوە کەوا ناوچەی فریاکەوتنی حاجی عەلی بەڕێوە دەبەن.

**٨ی تشرینی دووەم:**
بەڕێوبەری ئۆپەراسیۆنەکانی سەر بە یەکێتیی ئەوروپا بۆ بەشی کۆمەکیی مرۆیی و پاراستنی مەدەنی سەردانی ناوچەی فریاکەوتنی گەیارەی کرد.

**٥ی تشرینی دووەم:**
بەڕێوبەری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سەردانی ناوچەی فریاکەوتنی گەیارە و حاجی عەلی کرد بۆ هەڵسەنگاندنی ئامادەکاریەکان بۆ دەستپێکردنی وەرگرتنی ئاوارەکان.




٧ی تشرینی دووەم:
تیمی پزیشکی گەڕۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕاوێژی نیوەڕۆی ئەنجامدا لە کامپی حەسەن شام بۆ پڕکردنەوەی کەلینی خزمەتگوزاری کەوا ڕوو دەدات کاتێك هاوبەشانی تری تەندروستی نۆرینگەی گەڕۆکی سەرەتایی خۆیان دادەخەن.



## وەڵامدانەوەی IOM

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ وەڵامدانەوەی هەیە بۆ تەنگژەی ئاوارەبوونی خەڵکی عێراق بەهۆی کردە سەربازییەکان بۆ گرتنەوەی ڕێڕەوی موسڵ کە لە ١٦ی حوزەیران دەستی پێ کرد.

- لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا
- لە ١٦ حوزەیرانی ٢٠١٦ەوە

### ئاوارە دەستنیشان کراون*
+٢٨،٨٥٤
١٩٧،٨٣٣

### ڕاوێژی تەندروستی پێشکەش کراوە
+٤،٥٨٧
٥٦،٤٢٤

### بەشە شمەکی ناخۆراکی دابەش کراوە
+٢٠٠
١٣،٣٩٩

### پێداویستی ڕێکخستنی\ فریاکەوتنی پەناگە دابەشکراوە
+١،٠٥٠
١،٩٥٠

### ناوچەکانی فریاکەوتن
+٣٠٠ خێوەتگا دامەزراوە
+٥ خێوەتگای گەورە

*ئەم ژمارانە لە تۆماری بەدواداچوونی ئاواران (بەدواداچوونی لەناکاو) سەر بە ڕێکخراوی نێدەولەتیی کۆچ وەرگیراون کە ڕووماڵی ئاوارەبوون لە پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و هەولێر و کەرکوک دەکات.



پێشکەوتن بەردەوامە لە ناوچەی فریاکەوتنی نیشتگەی فرۆکەی گەیارە. ؛ هۆڵی گەورە (خێوەتگای گەورە بۆ بەڕێوەبردن و تۆمارکردن) لەم حەفتەیە دامەزراوە. © جینی سپارکس / IOM ٢٠١٦



هاجەر کێشەی ددانی هەبوو؛ لە لایەن تیمی پزیشکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە کامپی حەسەن شام بینراوە هەروەها دەرمانی پێدراوە. © ڕابەر عەزیز / IOM ٢٠١٦



عەبدوڵلا هیواداره کە ڕۆژێک یاری بۆ تیمی مانچستر بکات. © ڕابەر عەزیز / IOM ٢٠١٦

## بواری کۆچکردن: موسڵ

- لە ماوەی ئەم ڕاپۆرتکردنەدا، زیاتر لە ٢٣،٠٠٠ کەس بە ئاوارە تۆمارکراون، کە دەکاتە دوو بەرامبەر ژمارەی ئاوارەکان لە ماوەی ووردبینینی پێشو.
- ڕێژەی ئاوارەکانی ناوچەی موسڵ بەڕێژەی ٧٠٪ وە زیادیکردووە بۆ ٨٣٪وە، هەروەها تۆماری فریاکەوتنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یەکەم شەپۆلی ئاوارەبوون لە ناوەراستی موسڵ بەم دواییە لەم ڕاپۆرتەدا تۆماری کردووە.

ژمارەی ئاوارەکان لە کاتی دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکانی سەربازی لە ١٧ی تشرینی دووەم




- ڕێژەی ئاوارە نیشتەجێکراوە تازەکانی ئەلحەمدانیە لە ٣٠٪ (٦،٦٧٨ تاکەکەس لە ٢٢،٢٢٤ تاکەکەس لە ٤ی تشرینی دووەم تۆمارکراوە) بۆ ڕێژەی ٦٠٪ (٢٧،٣٤٨ تاکەکەس لە ٤٥،٢٩٤ تاکەکەس لە ١٠ی تشرینی دووەم تۆمارکراوە) زیادیکردووە.

## وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

### شتومەکی ناخۆراکی:

٢٠٠ شتومەکی ناخۆراکی دابەشکراوە بە سەر خێزانە ئاوارەکانی ئەنبار.

### تەندروستی:

- ٤،٥٨٧ ڕاوێژی تەندروستی جێبەجێکراوە لە سەڵاحەددین، کامپی یەحیاوە، پارێزگای کەرکوك، ڕەبیعە، حەسەن شام و گەیارە، نەینەوا.
- **٣١١ پشکرنینی تەندروستی جێبەجێکراوە لە خاڵی پشکنینی دبس.**

### پرۆگرامی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی کامپ

- ستافی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دامەزرێندراون بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوبردنی کامپ لە کامپی جەدەعی سەر بە حکومەتی عێراقی، لە پارێزگای نەینەوا.
- دوو قۆناغی یەکەمی ڕاهێنان جێبەجێکرا لە ٩ی تشرینی دووەم بۆ ستافی بەڕێوبردنی کامپ/ هەماهەنگی کامپ کەوا ناوچەی فریاکەوتنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەڕێوەدەبەن. بابەتەکان پێناسەو چالاکیە سەرەکیانی بەڕێوەبەردنی کامپی لە خۆ گرتووە، گەیشتنی ئاوارەکان، پرسگە، تۆمار، دابەشکردنی شتومەکی ناخۆراکی، ڕێکخستنی هاوبەشەکان، کەلێن و پێداویستیەکان. قۆناغی دووەمی ڕاهێنان هەفتەی داهاتوو جێبەجێدەکرێت.

### پەناگە:

- ١،٠٥٠ پێداویستی ڕێکخستن و شتوومەکی پەناگە دابەشکراوە لە کامپی خازر، هەولێر، کەرکوك و تکریت، سەڵاحەددین.

### ناوچەی فریاکەوتن:

- حاجی عەلی: نەهێشتنی مین و ڕێکخستنی زەوی و جیاکردنەوەی خێوەتگەکان لە کامپ تەواو بووە، دامەزراندنی خێوەتگەکان بە ڕێژەی %٦٠ تەواو بووە، وە ١ خێوەتگەی گەورەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دامەزرێنراوە.
- ناوچەی گەیارە: ڕێکخستنی زەوی، دامەزراندنی خێوەتگە، پەرژین کردن، ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ بە گشتی %٦٠ی تەواو بووە، وە ٤ خێوەتگەی گەورەی ڕیکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دامەزراوە.

## دەنگی ئاوارەکان

### عەبدوڵلا

« کۆمەڵێك لە ئێمە، هەموو ئاوارەکان، ویستمان یاری تۆپی پێ بکەین، بۆیە هەفتەی یەك جار کۆدەبووینەوە لە یاریگایەکی شەش یاریزانی . بەڵام هەرزوو پارەی هاوتووچۆ و یاخود کرێی یاریگامان نەبوو، لەبڕی ئەوە بەردەوام بووین لە شەقامەکانی گەڕەکەکەمان یاری بکەین. پێشتر کاتژمێر حەوتی بەیانی دەچووینە بازاری سەوزەی خۆماڵی بۆ کۆکردنەوەی سندوقی پلاستیکی، وەکو بەربستێك بە کارمان دەهێنا بۆ ڕاهێنانی بازدان.

«خەڵك گاڵتەی بە بازدانی ئێمە دەهات لەسەر شەقام. من ئێستا بەشداری لە ڕاهێنانی یاری تۆپی پێی پیشەگەر دەکەم، لە یاریگایەکی گونجاو، بە بێ بەرامبەر. ئەم ڕاهێنانە ئاستی بەهرەی من بەرز دەکات. من زیاتر لە بەهرەی تۆپی پێ فێربووم. فێری ڕێککاری و ڕێزی خۆیی و ڕێزگرتن لە کات و ڕێزگرتنی ئەندامانی تیمەکەم و ڕۆحی وەرزشی دەبم. هیودارم ڕۆژێك یاری بۆ یەکێتی مانچستەر بکەم. تیمی پرێمیەر لیگی ئینگلیزی باشترینە لام، هەنگاوی خێرا و جوڵەی شارەزایانەیان هەیە» عەبدووڵا ووتی، ١٥ ساڵان ئاوارە بووە لە قەرەقوش، نەینەوا.

عەبدوڵا و ٤٩ کەسی تر لە نێو تەمەنی ٩ بۆ ٢٠ ساڵی بەشداری خولی ڕاهینانی تۆپی پێی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەکەن کە بۆ منداڵ و گەنجانی ئاوارەی عێراقی دامەزراوە لە عەنکاوە، هەولێر. چالاکیەکە لە لایەن نوسینگەی هاریکاری کارەساتی بیانی پاڵپشتی دەکرێت.


Funded by European Union Humanitarian Aid
German humanitarian assistance
From the People of Japan
From the People of Canada